**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**

**ژمارە: ٨٣ لە ٢٠١٧/٢/١٢**

## بڕیاری ژمارە ( ٩٩ ) ساڵی ٢٠١٧

**پشت بەستن بە ئەحکامی ماددەی هەشتەم لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە(٣)ی ساڵی ١٩٩٢هەموارکراو و ئاماژە بە کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٢٢) لە ڕێکەوتی ٢٠١٧/١/٣١ , و لە سەر پێشنیاری وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان , بڕیاردرابە:-**

**١- پەسەندکردنی مەبدئیی پرۆژەی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی تایبەت بە هێڵە گشتییەکانی سیاسەت و ڕوئیای حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ سێکتەرەکانی (ڕۆشنبیری ، هونەر ، وەرزش ، لاوان ) لە هەرێمی کوردستان , کە وێنەیەکی هاوپێچی ئەم بڕیارەیە .**

**٢- ڕاسپاردنی سەرجەم وەزارەت و دەمەزراوەکان بۆ جێکردنەوەی ئەم هێڵە گشتیانە لە کارنامەی دامەزراوەکانیان بەپێی پەیوەندی و دارشتنی پلان و میکانیزمی پێویست بۆ جێبەجێکردنیان سەرەرای ڕۆڵی دامەزراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و کەرتی تایبەت و ڕێکخراوە پیشەییەکان و دامەزراوە و لایەنە پەیوەندیدارەکانی تری ناو هەرێم .**

**٣- وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان هەماهەنگی لەگەڵ ئەم دامەزراوە و لایەنانەی برگەی (٢)ی سەرەوە دەکات و بەرپرسیارێتی و ڕۆلیان لە جێبەجێکردنی ئەو سیاسەت و ستراتیژیاتانە دەستنیشان دەکات و ئەنجوومەنی وەزیران ئاگادار دەکاتەوە لە بەرەوپێشچوونەکانی و ڕێگرییەکانی بەردەم جێبەجێکردنیان**

**٤- وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان و گشت لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن لە ڕۆژی دەرچوونییەوە و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.**

**نێچیرڤان بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**